ـ هونەرمەندێک بە قەڵەمی ڕەش ورچێکی گەورەی ڕەنگاندووە.

ـ ئێوەیش دەتوانن بە قەڵەمەکەتان ورچی ژمارە(2) ڕەش بکەن.






ـ بزنەڕەش لە ژووری ژمارە (1)دایە. لە ژووری ژمارە (2)دا بزنە سپی چاوەڕوانی
قەڵەمی ئێوەیە کە بیکەنە هاوڕەنگی بزنەڕەش.






ـ ئەمە (کڵاون)ە . لە کوردستاندا بە (کڵاون) دەڵێن ئیشکەڕن. ئەم ئیشکەڕنە سەماکەرە و دەتوانێ سەماتان بۆ بکات. ئەگەر ئێوەش ئەم ئیشکەڕنە ساز بکەن، دەتوانن سەمای پێ بکەن.



## ئیشکەڕن سازکردن

ـ بۆ سازکردنی ئەم ئیشکەڕنە بەمجۆرە بچنە پێش:

1- لاپەڕەیەکی تەنک و ناسک لە سەر تەواوی بەشەکەنی ئیشکەڕن دابنێن و کۆپیێیەکی لێ هەڵگرنەوە.

2- ئەم کۆپیێیە بخەنە سەر کاغەز مقەوایەکی ئەستوور.

3- بە وریایی و وشیاری، بە مەقەست دەوراندەوری هەموو بەشەکان هەڵپاچن و هەر چوار بەشەکان وەکی خۆی ڕەنگ بکەن.



ـ لەم لاپەڕەیە دا هەر دووک بەری ئیشکەڕنەکەتان لێ دیارە.
ـ ئەو شوێنانەی کە نیشانەی هاوڕەنگیان لێ دراوە، لە سەر یەکیان دابنێن و پێکەوە مونتاژیان بکەن.
ـ ئەو پەتە سوورەی کە لە پشتی ئیشکەڕنەکە دا دیارە، دەبێ بە چەشنێک لە کونەکاندا گرێ بدرێن، کە پێش هاتوو چۆی دەست و قاچی ئیشکەڕنەکە نەگرن. بۆ مونتاژکردنی دەست و قاچی ئیشکەڕنەکە لەم جۆرە دەرزیلانە کەڵک وەربگرن کە لە خوارەوە نیشان دراون.







ـ چەند بەشێک لە ڕوخساری ئەم کچە جوانە لە تابلۆکاندا دەسنیشان کراون.
بەشەکان ئەمانەن: چاو .... برۆ(ئەبرۆ) .... ددان.... زمان .
ـ ئێوەیش دەگەڵ ناو بردنیان، بە نووکی قەڵەمەکەتان دەسنیشانیان بکەن.



ـ چەند بەشێک لە ڕوخساری ئەم کچە جوانە لە تابلۆکاندا دەسنیشان کراون.
بەشەکان ئەمانەن: لووت (کەپۆ،کەپوو).... نێوچاوان (تەوێڵ).... گوێ (گوێچکە) .....
سەر.

ـ ئێوەیش دەگەڵ ناو بردنیان، بە نووکی قەڵەمەکەتان دەسنیشانیان بکەن.



ـ چەند بەشێک لە ڕوخساری ئەم کچە جوانە لە تابڵۆکاندا دەسنیشان کراون.
بەشەکان ئەمانەن: قژی سەر(تووکی سەر).... مل(گەردن ، ئەستۆ).... کۆڵمە(گۆنا)
.... چەنە(چەنەگە، چەناگە).

ـ ئێوەیش دەگەڵ ناو بردنیان، بە نووکی قەڵەمەکەتان دەسنیشانیان بکەن.



ـ لە بەری دەستی چەپی ئەم کوڕە جوانە دا ئەم بەشانە دەسنیشان کراون:

سەر .... دەست .... قاچ(پێ)

ـ لە بەری دەستی ڕاستیشی دا ئەم بەشانە دەسنیشان کراون:

پشت مل(پاش سەر).... قامک....نینۆک(نینۆخ).

ـ ئێوەیش دەگەڵ ناو بردنیان، بە نووکی قەڵەمەکەتان دەسنیشانیان بکەن.



ـ لە بەری دەستی چەپی ئەم کوڕە جوانە دا ئەم بەشە دەسنیشان کراوە:

باسک(باڵ)

ـ لە بەری دەستی ڕاستیشی دا ئەم بەشە دەسنیشان کراوە:

ڕان.

ـ ئێوەیش دەگەڵ ناو بردنیان، بە نووکی قەڵەمەکەتان دەسنیشانیان بکەن.



ـ چەند شوێنی ئەندامی ئەم کوڕە جوانە لە لای ڕاست و چەپەوە دەسنیشان کراون.

ـ لە بەری چەپەوە ئەم ئەندامانە دەسنیشان کراون:

سنگ (سینگ).... نێوک (ناوک)

ـ لە بەری ڕاستیشەوە ئەم ئەندامانەی دەسنیشان کراون:

مەمک .... چۆک (سەرچۆک، ئەژنۆ).

ـ ئێوەیش دەگەڵ ناو بردنیان، بە نووکی قەڵەمەکەتان دەسنیشانیان بکەن.



ـ چەند شوێن لە لای ڕاستی ئەندامی ئەم کوڕە جوانە دەسنیشان کراون. ئەمانەن:

شان .... ئانیشک ....بەلەک .... پانێ.

ـ ئێوەیش دەگەڵ ناو بردنیان، بە نووکی قەڵەمەکەتان دەسنیشانیان بکەن.



- لەم گیاندارنە بڕوانن.
- چەندێک لەمانە باڵدارن.
- بەڵدارەکان باڵیان هەیە و دەفڕن.
- باڵدارەکان هێلکە دەکەن.
- لە هێلکەی هەر باڵدارێک، جووجەڵەی ئەو بەڵدارە دێتە دەرێ.
- بە دانانی نیشانەیەکی خۆت، باڵداەرکان نیشان بدە.



- لەم گیاندارانە بڕوانە.
- ئایا هەموویان قاچیان هەیە؟
- لە چوارخانەی بێ قاچەکاندا ئەم نیشانە (+) دابنێ.



ـ بە وردی سەیری ئەم ڕەسمە بکە.

ـ لە ژێرەوەش چەشنی ئەم ڕەسمە بە ڕەنگ نەکراوی دەبینی.

ـ ئەگەر تۆش ڕەسمی ژمارە (2)ش وەکی ئەمە بڕەنگێنیّ ، دوو ڕەسمی چەشنی یەکت دەبیّ.





ڕەسمی ژمارە (2)

- (کاژین) کچێکی ژێره.
- (کاژین) کار جوان و دەست ڕەنگینە.
- ئەم ڕستە گەڵا و گوڵە ڕەنگاوڕەنگە کاری کاژینە.
- ئێوەیش دەتوانن گەڵا و گوڵەکانی ژێرەوە کۆپیێ بکەن و ڕەنگیان بکەن و لە دوایە بە پەتێکەوە هەڵیان واسن.





ـ قەڵەمەکەت دەست دەیە و بەسەر خاڵەکاندا وەرەوە و (پەنگوئەن)ێکی خوێن شیرین زیندوو بکەوە ، ئەوسا بە قەڵەمی ڕەنگی بی نەخشێنە .



- برژانگ کچێکی زانا و کارجوانە.
- ئەم بووکە وردیلانەی کە لە ژێرەوە دەیان بینن ، کاری برژانگە.
- برژانگ ئەمانەی ساز کردووە و بە پەتێکەوە هەڵی واسیون.
- ئێوەیش دەتوانن هەر وەک برژانگ کۆپێی وێنەکانی خوارەوە بخەنە سەر لاپەڕەیەک و بە مەقەستەکەتان دەریان بێنن و دوای ڕەنگاندن بە پەتێکەوە هەڵیان واسن.





